वेदेषु यज्ञेषु तपःसु चैव दानेषु यत् पुण्यफलं प्रदिष्टम् ।
अत्येति तत्सर्वमिदं विदित्वा योगी परं स्थानमुपैति चाद्यम्

ریگ ڤیدا



بیبێك دێبرۆی و دیپاڤالی دێبرۆی

21886

زانێت له پاداشتی خوێندنەوەی ڤیداکان و
قوربانی و ڕۆمڵ و چاکەکردن بێ بەش نابێت ، سەرەنجام
دەگات بە مەقامی بەرزی هەقیقەت .

Preview sample - page 1 of 12 - Soran University Academic Digital Library

ناوی کتێب: نوم ریگ فیدا

نووسینی: بیبینك دێبرۆکو دیهافالی دێبرۆی

وەرگێڕانی: ناری ئەنوەر صالح

د. نیگا حسێن ڕەحیم

د. سابە حەسەن مستەفا

د. کۆزارا حەمە ڕەشید نادر

بابەت: لێکۆڵینەوە

بەرپوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج

هەڵەچنی: ناسك عەزیز

بەرگ: قادر میرخان

سەرپەرشتیاری چاپ: فەرهاد ڕەفیق

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: ١١٧ ی ٢٠٠٥

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٥

Preview sample - page 2 of 12 - Soran University Academic Digital Library

بیبێك نێرۆی و نیپاڤالی نێرۆی

ئوم
ریگ ڤیدا

وەرگێڕانی: ناری ئەنوەر صالح

د. نیگا حسێن ڕەحیم

د. سایە حەسەن مستەفا

د. کۆزارا حەمە ڕەشید نادر

پیاچوونەوەی: عەبدوڵڵا حەسەن سیوەیلی

(بەرگی یەکەم)

سلێمانی ٢٠٠٥

Preview sample - page 3 of 12 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی:

پێش هەمووانو لە هەموان زیاتر سوپاس بۆ خواوەند، کە ڕێگەی ئاسان کرد بۆ کەوتنە بەردەستی وەها وەرگێڕانێكو دروود لەسەر گوروی بەرزو بەڕێزم شری سوامی مادها ڤاناندا (برزۆ قادری). ئاوڕدانەوە بۆ مێژووی دێرین بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕاستی، هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی خەوتووە لەو زهنەی هەریەکمان بێ ئەو مەحاڵە لە ڕاستی بوونو ڕووداوەکان بگەین. لەوەدا کە مێژوو بەشێکە لە زەمەنو زەمەنی ئێستەش دیسان بەشێکی دیکەی ئەو ئێستا ڕۆشتووەیە، مێژوو دەبێتە لانکەی گفتوگۆکانی ئێستەو کۆن، گەر کۆن بە تایبەت بە خۆیی‌و زەمەنی خۆی نەزانین، چونکە مرۆڤ هەر مرۆڤەو سروشتیش هەر سروشت.

ڤیدا، پەڕاوی پیرۆزی هیندۆسیەکان، بەرچوی ڕاستیەکی ئامادەیە لە مرۆڤەکاندا کە گەرانە بەدووی (ڕاستی)دا. گرنگ نییە ڕاستی کامەیەو چیە تا پێی دەگەیت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە تۆ دەرك بەو هەستە ناوەکیەو دەنگە قوولّە بکەیت لە (خود)ی خۆتدا کە پێت دەڵێت ئەی مرۆڤ یەکەم بکەر (first Author) بناسە. ڤیدا لەم نێوەندەدا بەرەنجامی گفتوگۆی چەند دانایەکە لەگەڵ دەنگە قولّەکەی ناخیاندا وەکو دانایان: مادیوچاندا. میدا تیتهی. هیرانیاستوپا. دیرگاتاما. ڤیشڤامیترا. ڤامادیڤا. گریتسامادا. ڤاسو شروتا. شرو داڤیدا تریا. شیا ڤاشڤا. بۆو مۆتری. بهارەدڤاجاو خێزانەکەی.

Preview sample - page 4 of 12 - Soran University Academic Digital Library

ڤاسیشتا. کاناڤه. شروتاباندو. ڤیپرابانـدا. گۆپیانـا. پریامیـدا. بهوڤانـا. نارایانـا. ئورڤاشـی. پوروڕهڤـا. بیشـاگ. شاچـی. دیڤـامونی. نـهنگی راسا. ریشبهای. دوراڤا نـهنگی راسا. ئهمانـه نهیانویستووه خۆیان له پرسیاره بنچینهیی و سهرهکیهکان بدزنـهوه. ههر لێرهشهوه ڤیدا بهرههمی زهمهنه جیاوازهکان و کهسه جیاوازهکانو بیره جیاوازهکانـهو له مرۆڤهوه بۆ مرۆڤ سهرچاوه دهگرێت، واتـه لـه نـاخی مرۆڤه بـه ناگاکانـهوه بـۆ چوارچێوهی ههستهکی و ئهقڵی ساکاری مرۆڤه بێ ناگاکان تا بـه ناگابن و ئهمهش له رێگهی پهیبردن به پرسیاره سهرهکی و وهڵامه چارهنووسسازهکانهوه هاتۆته جێ. ههڵبهت ئهم زمانه تێگهیشتنی زهحمهتـهو زمانی وێنـهی Formalised Language) کـه بـهکارهاتووه لـه رێگـهی رهوتێکـی سـۆفیگهریهوه (Anthropasophy) باشترین شێوهیهو ئهمهش له رێگهی چاودێری (تأمل- Meditation)هوه دهست خراوه.

چاودێری کـه بـه سانسکرێتی و لـه دهقـه فهلسهفیهکانی ڤیداو یۆگادا (دهیانـا- Dhyana)ی پێدهوترێت قوڵبوونهوهیـه بـۆ ناوهوهی مرۆڤ خۆیی و گهیشتنه بـهو پرسیارانهی کـه بـێ وهڵام بـوون و دۆزینـهوهی وهڵامی گونجاویشـه بۆیـان، چـونکه هـهمان خواومنـد لـه نـاخی مرۆڤـدا نامادهو ههبووهو دهتوانین لهو رێگهیهوه باشتر له دهقه فهلسهفیهکانی ڤیدا بگهین (واته له رێگهی زانستی چاودێریهوه).

له ڕاستیدا تێگهیشتن له زاراوهکانی ڤیدا خۆی له خۆیدا ئالۆزو گرانـهو خوێنـهر دهبێت پێشتر لـه بارهی ئایینی هیندۆسی و فهلسهفهی یۆگاوه شارهزایی هـهبێت دهنـا تێگهیشتن و زاڵبـوون بهسـهر بـیره بـه ڕووکار دژ بهیهکهکانی ڤیدادا ئهستهمه.

Preview sample - page 5 of 12 - Soran University Academic Digital Library

ڤیداکان چوارن: ریگ ڤیدا. ساماڤیدا. یاجورڤیدا. ناتەرڤە (Atharva) ڤیدا. هەرچوار ڤیداکە تەواوکەری یەکترن‌و لە رێگەی داناکانەوە نوسراونەتەوە. هەرچەند مەبەست لە نوسینەوەیان دەربڕینیانە، چونکە ڤیداکان پەیامێکی ئیلاهین‌و لە کاتی تێڕامانە ناوەکیەکاندا دراون بە مرۆڤو مرۆڤیش لە رێگەی هونەری لەبیرنەکردنەوەیان (Elaborte mnemonic Systems)ەوە پاراستوونی‌و دواتر بە شێوەی نوسینی (دیڤاناجاری) و بە زمانی کۆنی (سانسکرێتی) نوسراونەتەوە.

ریگ ڤیدا کە وەرگێڕانەکەی بەردەستە پێکدێت لە ستایشکردنی خواکان‌و ڕوونکردنەوەی هەندێك مەفاهیمی فەلسەفی‌و دەرخستنی مەبەستی نەو قوربانیانەی کە لەم سەمهیتایەو سەمهیتای ساماڤیداو ناتەرڤەڤیدادا باسکراون. ریگ ڤیدا بە گرنگترین دەقی ڤیداکان دەژمێردرێت.

تەمەنی ڤیدا نادیارە، بەڵام بڕوا وایە کە کۆچی هندوئەوروپاییەکان بۆ هیندو جێگیربوونیان لە کەنارەکانی ڕوباری (گنگ) پاش ساڵانی (۲۰۰۰-۱۵۰۰) پێش زایین کاتی پەیدابوونی ڤیداکان بێت. هەرچەند هەندێك لە لێکۆڵەرەوان پێیان وایە ڤیداکان لە نێوان (۱۵۰۰-۶۰۰ پ. ز)دا نوسراون، بەڵام دەتوانین پێشکەوتنی دۆڵی (سند) لە (۲۵۰۰ پ. ز) ەوە بە بەڵگەیەکی باش بزانین بۆ پەیدابوونی ڤیداکان، چونکە هەندێك زانیاری کە باسکراون لە ڤیداکاندا لە دۆڵی سند لە بارەیانەوە بەڵگە دۆزراوەتەوە. بۆ نمونە لە شاری ناساریی (موهنگودارو- Mohenjo Daro) هەروەها (هاراپا- Harappa) وێنەی (شیڤا- Şivă) کە بە (ماهایۆگی- Maha yogi) ناسراوە لەسەر دیواری پەرستگەکان بەدەردەکەوێت. هەروەها وێنەی باری (لوتوس- Lotus) کە

Preview sample - page 6 of 12 - Soran University Academic Digital Library

یەکێکە لە تەکنیکە (ئاسانە- Āsăna)کانی یۆگا دیسان لەسەر دیواری مالەکان دۆزراونەتەوەو یۆگاش لە ڤیداکاندا بۆ یەکەم جار ناوی هاتوە، مێژووی ئەم شارەش دەگەڕێتەوە بۆ (٢٥٠٠) ساڵ بەر لە زایین. ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە بیروڕای یەکبوون (union) لەگەڵ هێزە سروشتیەکاندا بە مانای پەیامهێنەکانی خواوەند لە ڕێگەی یۆگاو تانترا (Tantra) وە پەرەی سەندو نمونەی ئەمەش وەسفە ڤیداییەکانە کە لەسەر شێوازی (natural discription) داڕێژراونو لە هەندێك مانتراشدا شێوازی شوبهاندن (Analogy) وەك باو بووە بەکارهاتووە.

مانتراکانی ڤیدا لەسەر چەند کێشو سەروایەکی مۆسیقی نوسراونەتەوە کە ئەسەری مۆسیقی کلاسیکی هیندیان پێوە دیارەو پێکدێن لەم بەحری کێشوسەروایانە: ئەنوشتوپا، تریشتوپا، گایاتری، جایاتی، پامکتی، ماهاپامکتی، ئەشنیکا، پراستارا پامکتی. ئەم شێوازە کێشو سەروایانە لە کاتی قوربانیەکانو ستایشەکاندا لە (ئاشرام- Ashram)ە هیندیەکاندا بەکاردەبرێن، هەروەك چۆن لە ئیسلامدا قورئان بە چەند شێوازێك دەخوێنرێتەوە دیانەکانیش ئینجیل بە شێوازی جیاواز دەڵێنەوە. ئەم ئاوازانە لە ڕوانگەی زانستی دەروونییەوە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ئاگایی خوێنەری پەیامەکانو گوێگرەکانیشیان، چونکە ئاگایی لە باری (کشیپتا- Kshipta)وە بەرەو باری (ڤیکشیپتا- Vikshipta) و پاشان یەك مەوزوعی (ئیکاگرا- Ekagra) و دواتر لە باری ڕەهاییدا (نیرودھە- Nirudha) دەیهێڵێتەوەو مرۆڤ بەرەو سوپەرئاگایی ڕەوانە دەکەن.

ڤیدا پێش ئەوەی تێکستێکی کۆنی ئایینی بێت تێکستێکی بەنرخی فەلسەفیە، ئەوەتا پێش زینۆنو بناینۆسو کرسپۆسن باس لە ڕەگەزەکانی

Preview sample - page 7 of 12 - Soran University Academic Digital Library

بوون دەکات‌و بەسەر ناگرو هەواو خاك‌و ناودا دابەشیان دەکات. پێش (نەپیقۆرس) ڤیدا دەڵێت: هەموو شتێك لە خواوەند پەیدابووەو خواوەندیش وردترین هەبوە. ڤیدا بەر لە ئەرستۆ بانگەشەی ئەوەی کردوە کە نەفس (پوروشا) یەکەم پلەیە لە پلەکانی بوون‌و پێش نەفلاتونیش ناماژەی پێداوە کە نەفس خۆی خۆی دەجوڵێنێت‌و پێش دیموکریتس‌و ئەفکساگۆراس بڕوای بە یەکگرتن‌و جیابوونەوە بە عنوانی دروستبوون‌و شیبونەوە هەبوە، هەر بۆیە زۆرێك لە فەیلەسووفە ڕاستگۆکان خۆیان بە قەرزاری ڤیداو بیری هیندی دەزانن.

ئەگەر بپرسین نایە ڤیدا دەتوانێت لە دونیای ئاشوب‌و جەنگ ئامێزی ئەمڕۆدا دەوری خۆی هەبێت؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە بە بەڵێ دەدەینەوە، چونکە بڕوابوون بە گفتوگۆو ئاخافتن یەکێکە لە بنەماکانی ڤیداو وتراوی (ڕاستی یەکێکە، بەڵام ڕێگەی فێرکردنی زۆرە- Ekom sad vipra Vahudha Vadanti) ئەم وتەیەمان دەسەلێنێت.

ڕاستی ڕەهایەو لە هەموو بوندا بوونی هەیەو بەمەش دۆزینەوەی ڕاستی لە بیروڕاو ئایین‌و شتەکاندا دەبێت هەندەکی نەك هەمەکی‌و لێرەشەوە چارەسەری شەڕو ئاژاوەکان دەکرێت کە لەسەر بنەمای دۆگمای ئایین بەرستی‌و ئایدۆلۆژیا بەرستی‌و نیشتمان بەرستی‌و خودبەرستی دامەزراون‌و ڤیدا ئاشتی بۆ ئامێزی ئاوەدانیە کاولکراوەکان دەگێڕێتەوە. ئاشتی ڤیدایی لەگەڵ خودو خەڵك‌و خوادایە، واتە ئاشتیە لەگەڵ سروشت‌و خوای سروشت‌و خەڵکی سروشتدا.

خوێنەری خۆشەویست وەرگێڕانەکەی بەردەستت بەرهەمی چەند یۆگیەکی خۆشەویست‌و دڵسۆزە لە پێناو خزمەتکردنی ئێوەدا ئەنجامیان

Preview sample - page 8 of 12 - Soran University Academic Digital Library

داوه، بێ بوونی هیچ مەبەستێکی تایبەتو نادیارو کۆمەڵەی هونەری یۆگاش (yoga Art Association) کاری بۆ ئەم وەرگێڕانەو وردەکاریەکانی ئاسان کرد. لە کلتوری ئێمەدا تێگەیشتن لەم کارانە تا ڕادەیەك گرانە بە هۆی نەبوونی تێکەڵاوی مەزهەبیو فەرهەنگی کوردی لەگەڵ کلتوری هیندی ڤیداییدا. تەنانەت جۆرێك لە بەدحاڵیبوون لە بەرامبەر ئایینە هیندیەکاندا هەیە بەوەی گوایە ڤیداو کتێبە پیرۆزە هیندیەکان بانگەشەی بتپەرستیو گاپەرستی دەکەن، بەڵام لە ڕاستیدا تەنها قسەیەکەو لە تێڕوانین لە بە هەڵە وەرگرتنی ڤیداکانەوە لە لایەن خەڵکی عەوامی هیندیەوە هاتووە، هەرگیز نە ڤیداو نە تێکستەکانی دیکەی هیند بانگەشەی وەها کارێکیان نەکردووە، بەڵکو ڤیدا دەیەوێت مرۆڤ بگەڕێنێتەوە پێش باری نامۆبوونو دەیکاتەوە نەو مرۆڤە سروشتیەی هاوبەشو دڵسۆزە بەو سروشتەی تیایدا دەژیو کارناکات لە پێناو سوتاندنو پیسکردنو خراپکردنیا. ڤیداکان دەبێت بە بیرێکی خاوێنو دورو لە بڕیاردانی پێشوەخت بخوێنرێتەوە بە جارێك خوێندنەوە مەحاڵە وەك خۆی مانی گەورەی پێبدەیت. بۆ نمونە کاتێك دەبینیت دەوترێت (ئیندرای خواوەند) نەمە مانای نەوە نییە کە ڤیدا بڵێت: بروسکە خوایە. بەڵکو لێرەدا هەموو وشەکانی (خواوەند) یان (خوا) بە مانای فریشتە یان (پەیامهێن، بەکاربراون بێجگە لە بەکاربراوەکان بۆ (پاراماتمان، هیرانیاگاربا، برەهما، ڤیشڤاکارما) هەموو نەم ناوانەش (ناگنی، ئیندرا، ڤارونا، پراجاپاتی، سۆما، نیلا، ساراسڤاتی، هەریەکەو بە جۆرێك تایبەتمەندو وەسفی خواوەندمان بۆ دەخەنە ڕوو، یاخود پاراماتمانو هیرانیاگاربا و برەهمنو ڤیشڤا کارما کۆمەڵێ ناوی جیاوازن کە لە خواوەند نراون وەك چۆن لە ئیسلامدا (اللە،

Preview sample - page 9 of 12 - Soran University Academic Digital Library

الرحمن، الرحیم، الغفور، السلام) هەموو ناوی خواوەندن‌و باقی ناوەکانی دیکە هێزە سروشتیەکانن وەك ئاگرو باو بڵێسەو باران‌و گیا.

بیروباوەڕی فیدام لە تیۆرێکدا داڕشتووە تا بە ئاسانی ڕەگەزو مەبەستەکانی ئەم پەڕاوە لێك جیابکرێنەوە. تیۆرەکەم ناوناوە (خاج- سەلیب) و لێرەدا باسی لێوە دەکەم.

بنکەی خاچەکە عەشقە (Love) یەکەم هۆکارە بۆ گەیشتن بە کریشنای خواوەند (Krishna) کە لوتکەی خاچەکە پێکدەهێنێت. کار (Act) کە لای چەپی خاچەکە پێکدەهێنێت ڕێگەی دووەمەو زانین (Knowledge) کە لای ڕاستی خاچەکەیە ڕێگەی سێهەمە بۆ گەیشتن بە کریشنا یان پاڕاماتمان واتە سێ ڕێگە هەیە بۆ گەیشتن بە خواوەند کە عەشق‌و کارو زانینە، سەرەتا خۆشەویستی‌و کارو زانین بەرەو چوارگۆشەی نێو خاچەکە دەتبەن کە چوار سێگۆشەی هێندەی یەکن‌و یەکەم خۆناسی (Knowlg your self) و دووەم بوون ناسی (Ontology) و سێهەم ناسینی پوروشا (Purusha) و چوارەم ناسینی پراکریتی (Prakriti)یە. خۆناسی بەشە لە بوون ناسی‌و بوننناسیش شاملی ناسینی پوروشاو پراکریتیە.

خۆشەویستی لە ڕێگەی خزمەتکردنەوە دەگات بە ناوجەرگەی خاچەکە، واتە ناسینی پوروشاو پڕاکریتی کە بوونی وزەیی‌و مادیی بوونن. کار لە ڕێگەی ویستنی (چاکەی بوون)ەوە دەگاتە ناسینی خودو پوروشا واتە ناسینی ناوەکی مرۆڤ لە ڕێگەیەکەوە کە دوور بێت لە تۆندوتیژی. زانین لە ڕێگەی (تاقیکاری پێشینەیی)یەوە دەگاتە بوون ناسی‌و پراکریتی ناسی کە سەرەتای عەینیەتی شتەکانەو لەوێشەوە بە هەماهەنگی عەشق‌و کار دەگاتە پاڕاماتمان.

Preview sample - page 10 of 12 - Soran University Academic Digital Library

تاقیکاری پێشینەیی بالاترو فراوانتره لە (تاقیکاری ئامادەیی) کە لە ئێستەداو بەتواناکانی تاکێك دێتە دی بە مەرجێك زانینی وەرگیراو لەم رێگەیەوە کۆی ڕاستگۆیی لێوەرگیراو (یان گەیەنەری زانستەکە) و نامەحاڵ بوونی زانینی وەرگیراویش بێت. رێگەی تأمل کە باسکرا بەشێکە لە پرۆسەی وەرگرتنی زانین لە رێگەی تاقیکاری پێشینەییەوەو کۆتا رێگەیە یان کۆتا پلەیە بۆ گەیشتن بە ناوجەرگەی خاچەکە، چونکە دیانە رێگەیەکی خێرایە بۆ گەیشتن بە کەماڵ یاخود (سامادهی- Samadhi) کە بودای بیر ڕوون نیرڤانا (Nirvana)ی پێدەڵێ.

سەلیب لە کۆندا نیشانەی ئاشتی بووەو بیروڕای ڤیداش دووره لە تووندوتیژیو ڕاگیرە لەسەر ئاهیمسا (Ahimsa) کە مانای نەکوشتنو عەشق پێدان دەگەیەنێت هەر بۆیە سەلیبم هەڵبژارد بۆ بەرجەستەکردنی تیۆرە مەعریفیو ئاکاریە رۆحیەکەی ڤیدا ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە سەلیب نیشانەی خۆفیداکردنو خۆکردنە قوربانی لە پێناو چاکەی مرۆڤایەتیدا. چاکەی مرۆڤایەتیش پەیوەستە بە پاراستنی سروشتی ئەوانەوەو ئەوانو سروشتەکەش بەشە لە خواوەند. هیندۆسی خزمەتی بوون (خەڵك، سروشت) دەکات تا بتوانێت بگات بە خواو وەکو خوای لێبێت. لوتکەی خاچەکە خواوەندە کە بەرزترینو باڵاترینە. بنکەی خاچەکە خۆشەویستە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندداره بە خواوەندەوەو مایەی پەیوندی خوارترین کەسو شتەکانیشە بەوەوە.

ئەمەی کە باسکرا بنەمای بیری ڤیدایەو دەتوانین زۆر بە ڕوونی لە ئوپانیشادەکاندا بیدۆزیتەوە.

Preview sample - page 11 of 12 - Soran University Academic Digital Library

ڤیـــدا لـــه ڕوکـــارێکی دیکـــەوە تێکســـتێکی (Existentialism)ەو ڕۆح دەگەڕێنێتەوە بۆ سروشتێکی مردوو کە هەمان دەرکەوتەی خواوەندە. واتە خواوەند لە بوونی خۆیدا (پوروشا) یە کە وزەی بینراوو نەبینراوەو هەمان نورە کە لە سورەتی نوری قورئاندا باسی لێوە کراوە. هەروەها خواوەند لە دەرکەوتەی خۆیدا لە ڕێگەی نورەوە (پراکریتی)یە کە هەمان مادەو سروشتە. یەکەمیان واتە پوروشا سروشتی دورستکارە (Nature naturante) و دووەمیان واتە پراکریتی سروشتی دروستکراوە (Nature naturee) وەک سپینوزا پلەبەندی کردبوو. بەڵام جیاوازی لە نێوان سروشتی دروستکارو سروشتی دروستکەردا نەوەیە کە دروستکراو دووچاری فۆرمو شێواز هاتووەو نازادی تەواوی خۆی وەک وزە لەدەست داوە. بەڵام دروستکار نازادەو لە پشت زەمەنو شوێنەوەیەو ڤیدا دەڵێت بە مردنی شێواز دیسان مادە شی دەبێتەو بۆ وزەو دەچێتەوە نێو ناگایی بالاکەوزەیە. نەمەش مانای وایە کە تیۆری لاهوتیو ناسوتی ڤیدایی ڕێچکەیەکی (Pantheisma)ی هەیە کە دەتوانین لە تەسەوفی ئیسلامیو عیرفانی مەسیحیو حیسیدیزمی یەهودیو نایینی بوداییدا بیدۆزینەوە. وە نەبێت یەکێتی بوونی ڤیدا ڕێ لە نازادی مرۆڤەکان بگرێت (وەک وجودیە سارتەریەکان دەڵێن) بەڵکو ڤیدا مرۆڤ دەکاتە پێوەری شتەکان بە وەی کە هەموو خواوەندەکان لە پێناو نەودا کاردەکەنو بگرە خودی خواوەند لەودا (تجلی، ئاڤاتارە- Avathara)ی کردووەو لە دڵی هەمووواندا هەیە.

ماوەتەوە بڵێم نایینی ڤیدایی بە هۆی فراوانیو بەربڵاوی نامازەکانیەوە گەلێک بیری بە ڕوکار جیاوازی تیادا دەدۆزینەوەو سەرەنجامیش ڕێچکەی یەکتاپەرستیەکی قوڵ لەودا وێنە دەداتەوەو دەتوانین هەموو وەک لەشێک

Preview sample - page 12 of 12 - Soran University Academic Digital Library